١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابی نوێی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح و جاڕدانی موژدەی شانشینی خودا .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) فێرکردنی پەیوەست بە نمونەی " کۆیلەی بێکار / دەستبەتاڵ ".
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە یەرمیا ١٥، ١٧، ١٨ ، ٢٣. باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .
٤- لەبەرکردن : دانایی خودا : یاقوب ١: 5 . ڕۆژانە پێداچونەوە بکە بۆ دوایین ئەو پێنج ئایەتەی لەبەرت کردوە .
٥- وانەی کتێبی پیرۆز . وانەی داهاتووی کتێبی پیرۆز ئامادە بکە لە مالّەوە : ڕۆما 12: 1- 21. ئەو پێنج ڕێگەیەی لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز بەکار بهێنەو و سودیان لێ ببینە. تێبینیەکانت بنوسەوە .
٦- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات ( زەبور ٥: ٣).
٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە هەیە .

## وانەی (40)

| | |
|---|---|
| ١ | نوێژ |

**ڕابەری کۆمەڵەکە :** نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە تایبەت بە مزگێنیدان و بانگەوازی شانشینی خودا .

| | |
|---|---|
| ٢ | بەشداریکردن (٢٠ خولەك) یەرمیا |

**بە نۆرە بەشداری بکەن** و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز ( یەرمیا ١٥، ١٧ ، ١٨ ، ٢٣) گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات ، تەنها تێبینیەکانت بنوسەوە .

| | |
|---|---|
| ٣ | لەبەرکردن (٥خولەك) " دانایی خودا " یاقوب ١: ٥ |

بە شێوەی گروپی دوانەیی ( دوو باوەڕدار پێکەوە **پێداچوونەوە** بکەن ، " دانایی خودا " یاقوب ١: ٥ .

| | |
|---|---|
| ٤ | فێرکردن (٨٥ خولەك) ڕۆما 12: ١- 21 |

پێشەکی : لەگەڵ ئەوەی نامەی ڕۆما پرە لە فێرکردن لەبارەی بیروباوەڕی مەسیحیەت و پەیڕەوکردن و ژیانی باوەڕدارانە ، بەشەکانی ١- ١١ لە نامەی ڕۆما جەخت دەکاتەوە لەسەر بیروباوەڕ ، بەڵام بەشەکانی ١٢- ١٦ جەخت دەکاتەوە لەسەر پەیڕەوکردن و ژیان .

بابەتی بەشی دوازدە لەنامەی ڕۆما پیرۆزییە . بەشی شەش لە نامەی ڕۆما بناغەی ڕاستودروستی و پیرۆزیی یە کە یەکێتی ڕۆح لەگەڵ مەسیح لە مردن و هەستانەوەیدا لە خۆ دەگرێ ڕۆما ٦: ٢- ٧ ؛ بڕوانە ١کۆرنسۆس ١: ٣٠ . بەبێ دۆخی بێتاوانبوون و ڕاستودروستی یاسایی و دۆخی پیرۆزیی ئەخلاقی ناکرێ بتوانین گەشە بکەین لە پیرۆزیی کەسێتیدا ! وە بەبێ پیرۆزیی ناتوانین دڵنیابین لە ڕاستودروستی و بێتاوانیمان ! لەبەرئەوەی یەکێتی ڕۆح لەگەڵ مەسیح لە مردن و هەستانەوەیدا یەکێتیەکی

بەردەوامەو جێگیرە ئیدی گەشەکردن لە پیرۆزیی کردەیەکی بەردەوام دەبێت بە شێوەیەکی دینامیکی زیندە لە باوەڕداراندا ڕۆما ٦: ١٠- ١١ ، یەکێتی ڕۆح لەگەڵ عیسای مەسیح واتە مرۆڤ داوای عیسای مەسیحی کردوە بۆ ناو دڵ وژیانی ، واتە ڕۆحی پیرۆز دەژی لە جەستەی باوەڕداری ڕاستەقینەدا . ڕۆحی پیرۆز ڕۆحی مەسیحە ، ڕۆحی خوداوەندە کە هەستایەوە لە مردن و بەرزبۆوە بۆ ئاسمان وشکۆداربوو لەسەر تەختەکەی ، ئەوەی ئێستا حوکم دەکات لە ئاسمان ڕۆما ٨: ٩- ١٠ . ژیانی باوەڕداری ڕاستەقینە بەشێوەی کردەیی و ئەخلاقی بونیادنراوە لەسەر بنەمایەکی تۆکمە ئەویش ئەو گیانبەختکردنە بوو کە عیسای مەسیح تەواوی کرد ، وە گەشەکردنی و پیرۆزکردنی ڕووەدات کاتێ باوەڕدار سەر بە عیسای مەسیح دەبێت ، ئیدی مەسیح یارمەتی دەدات و پشتگیری لێدەکات لە ژیانێکی نوێی باوەڕدارانە لەڕێگەی کارەکانی ڕۆحی پیرۆزیەوە .

**هەنگاوی ١: بخوێنەوە . وشەی خودا**

پێکەوە ڕۆما 12: ١- 21 **دەخوێنینەوە** .

بە نۆرە هەر کەسێ ئایەتێك بخوێنێتەوە تا هەموو ئایەتەکان بە تەواوی دەخوێنینەوە .

**هەنگاوی ٢: ئاشکرای بکە. تێبینیەکان**

**بیرکەوە** . ئەو ڕاستیە کامەیە پێت وایە گرنگە بەلاتەوە سەبارەت بە خۆت لەم ئایەتانەدا ؟ یان لە کۆی گشتی ئەم ئایەتانە کام ڕاستیە چووە ناو هۆش و دڵتەوە ؟

**بنوسە** . یەك یان دوو ڕاستی ئاشکرا بکە کە تێگەیشتووی لێی . بیریان لێبکەوە و بیرۆکەکانت بنوسە لە پەڕاوەکەتدا .

**بەشداری بکە.** ( دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، بە نۆرە بیرۆکەکانتان بەشداری پێبکەن ). هەریەکێکمان بەشداری دەکەین لەو شتانەی کە ئاشکرا کران لەلایەن ئەندامانەوە .

(لەیادت بێت لەهەر کۆمەڵەیەکی بچوکدا ، ئەندامانی کۆمەڵەکە بە شێوەیەکی جیاواز بەشداری دەکەن).

ڕۆما 12: ١

**ئاشکراکردنی ١: ئەرکی باوەڕدار بەرامبەر بە جەستەی .**

جەستەی باوەڕدار بەشیکی گرنگە لە پیرۆزکردن . ئایەتی یەك دەخوێنینەوە : " بۆیە ئەی خوشك و برایان، لەبەر میهرەبانی خودا لێتان دەپاڕێمەوە لەشتان وەك قوربانییەکی زیندوو پێشکەش بکەن، پیرۆز و پەسەندکراو لەلای خودا، کە پەرستنی هۆشمەندانەتانە " ئایینی زۆر هەن لە جیهاندا ڕقیان لە جەستە دەبێتەوە بە خراپەی دەزانن . وە گرنگترین نمونەی ئەخلاقیان ئەوەیە ئازاد بن لە جەستەو کاریگەریە شەرمەزاریەکانی و خراپەکانی . بەڵام لەبەرامبەردا ، باوەڕی مەسیح گرنگی ونرخێکی مەزن دەدات بە جەستە . لەسەرەتای بەدیهێنانیەوە جەستەی مرۆڤ بەشێکی بنەڕەتی و سەرکەی بوە لە قەوارەی مرۆڤدا. پەیدابوون ٢: ٧، ٢١- ٢٣. لەکۆتاییدا ژیانی مرۆڤدا جەستەی مرۆڤ دەمرێت بەهۆی گوناهەوە ، بەڵام ئەمە بە کارێکی سروشتی دەبینرێ چونکە خواستی خودا وایە کە هەموو جەستەکان هەڵبستێنێتەوە دانیال ١٢: ٢ ؛ فیلیپی ٣: ٢٠- ٢١ . وە لەبەرئەوەی جەستەی باوەڕدار پەرستگای ڕۆحی پیرۆزە ، ئیدی هەموو ئەندامەکانی جەستەی تەرخان دەکات بۆ خودا بۆ ڕاستودروستی ڕۆما ٦: ١٣، ١٩ . باوەڕدار جەستەی وەك قوربانی زیندوو پێشکەش دەکات بە خودا واتە جەستەی تەرخان دەکات بۆ پیرۆزیی لەبری حەزوئارەزوی خراپەکاری . ئەو هەموو ئەوانە دووردەخاتەوە لەجەستەی کە نابنە مایەی ڕەزامەندی خودا ، وە ژیانی تەرخان دەکات بۆ ڕەزامەندی خودا و دڵخۆشکردنی خودا . وەك

قوربانیەکی پەسەندکراو کە دەبێتە مایەی شکۆدارکردنی خودا جەستەی خۆی پێشکەش دەکات ئەم قوربانەش پێی دەوترێ پەرستنی هۆشمەندانە.

ڕۆما ١٢: ٢

ئاشکراکردنی ٢: ئەرکی باوەڕدار لەبەرامبەر هۆش وعەقڵیدا.

عەقڵ وهۆشی باوەڕدار کلیلی گۆڕانکاریە . ئایەتی ٢ دەخوێنینەوە : " شێوەی ئەم دنیایە وەرمەگرن، بەڵکو بە نوێکردنەوەی بیرتان بگۆڕێن، تاکو بە لێکدانەوە بتوانن دەربیخەن خواستی خودا چییە، کە باش و پەسەندکراو و تەواوە. " لەپێناوی ژیانێکی کردەیی بەڕاستی باوەڕدار دەبێت پێوەرێکی هەبێت ،دەبێت یەکەمجار پێوەری جیهانی گوناهەو تاوان نەکات بەپێوەری خۆی ، وە دەبێت هەروەها هیچ ڕابەرێکی ئایینی ئەم جیهانە نەکات بە پێوەری خۆی ! دەبێت پێوەری باوەڕدار خودی خودا بێت ، ئەو خودایەی لەژیانی عیسای مەسیحدا خۆی ڕاگەیاند وبەرجەستەبوو لە عیسادا بە خۆشەویستیە تەواو وڕەهاکەی بڕوانە ئەفەسۆس ٥: ١- ٢ . وە خواستی تەواوەتی خودا لە ئایەتی ٢ دا فەرمان وجڵەوگیری و بەڵین لەخۆ دەگرێ .

أ. جڵەوگیری .

"خۆتان ڕامەهێنن یاخود مەگونجێنن " لێرەدا پۆڵس باسی خۆلادان دەکات لە خراپەکاریی لە شێوە ڕوکەشیەکەیدا وە خۆلادان لە کاریگەریەکانی " ڕێگە نادەن بەخۆیان شێوەی ئەم نەوە خراپەکارە وەربگرن . " ئیدی بەم شێوەیە هەندێ شت هەن دەبێت باوەڕداران خۆیانی لێ لابدەن ! بۆ نمونە کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات کە باوەڕداران دەبێت خۆیان لابدەن لە بەکارهێنانی زمان پیسی و وتەی خراپ ، وە دوورکەوتنەوەیان لە گوێگرتن لە گۆرانی خراپ و وتنەوەی ، خوێندنەوەی گۆڤار و کتێبی خراپ ، بینینی فیلمە بێ ڕەوشتەکان ، پۆشینی جلوبەرگی ئابڕووبەرو و ڕووت ، بەشداریکردن لە چالاکی گوماناوی و بێ ڕەوشتی کاتێ بانگهێشت دەکرێن لەلایەن هاوڕێ یەکەوە . بەڵگەی یەکەم کە بەژیانێکی باوەڕدارانە بژی دوورکەوتنەوەیە لە گوناهە (١سالۆنیکی ١: ٩) ! دەبێت

ژیانی باوەڕدار لەگەڵ ئەم ژیانە لەناوچوە کاتییە خراپەکاریەی جیهان یەك نەگرێت (١یۆحەنا ٢: ١٧ ؛ ١کۆرنسۆس ٢: ٦، ٨) ، بەڵکو دەبێت پلانی بۆ داڕێژرابێت لەژێر کاریگەری ژیانی تاهەتایی ئاسمانی ! دەبێت ژیانێک بژی لەم جیهانەدا بەردەوام بێت بۆ ژیانی ئایندەی تاهەتایی !

ب. فەرمان .

"بگۆڕێن" ئاماژەیە بۆ گۆڕینی ناخ کە دەبیات بەرەو گۆڕانکاریی تاهەتایی " ڕێگەیان دا بە خۆیان بگۆڕێن لەڕێگەی نوێبونەوەی هۆش وعەقڵیان" ئیدی بەم شێوەیە ، هەندێ شت هەن دەبێت باوەڕداران بیکەن ، بۆ نمونە باوەڕداران دەبێت هەوڵ بدەن بگۆڕێن ، هەوڵ بدەن خواستی خودا بزانن لە کتێبی پیرۆزدا ، وە هۆش وعەقڵیان پڕ بکەن لە وشەکانی خودا ، وە هەوڵ بدەن و ڕێگە بدەن بە ڕۆحی پیرۆز وشەکانی خودا بەکار بهێنێ بۆ گۆڕینینان . دەبێت بۆچوون و بیروباوەڕ و ویژدانیان بگەڕێننەوە بۆ قوتابخانەی کتێبی پیرۆز و فێرکردن لە ڕۆحی پیرۆزەوە وەربگرن ، دەبێت بوچوونەکانیان تاقی بکەنەوە تاچەند گونجاو و یەکگرتوە لەگەڵ فێرکردنەکانی کتێبی پیرۆز ، ئەم بابەتە ڕاستەوخۆ ئاراستەکراوە بۆ تەمبەڵی و لوتبەرزی و خۆبەباش زان ، ئەوەی پۆڵس لێرەدا فێرمان دەکات گۆڕینێکی ئان وسات نیە یان بەرەکەتێکی دوبارە بەڵکو نوێبوونەوەی بەردەوامە !

ج. بەڵێن .

کاتێك باوەڕداران ئەمە دەکەن ئیدی دەزانن کامەیە خواستی خودا سەبارەت بەوەی دەبێت چۆن بژین . وە پیرۆزیی و دادپەروەری و چاکە لەژیانی باوەڕداردا وێنەیەکە بۆ سروشتی خواستی خودا و لەژیانیاندا ئەم وێنەیە ڕەنگ دەداتەوە .

| **هەنگاوی ٣: پرسیار .** ڕونکردنەوە |
|---|

**بیربکەوە** : حەز دەکەی کام پرسیارە بخەیتە ڕوو بۆ کۆمەڵەکە لەبارەی ئەم بەشەی کتێبی پیرۆز؟ باشترە هەوڵ بدەین هەموو ئەو ڕاستیانەی ڕاگەیەنراون لە ڕۆما ١٢: ١- ٢١ تێ بگەین ، وە ئەو شتانەی تا ئێستا لێی تێنەگەیشتووین پرسیاری لەبارەوە بکەین.
**بنوسە**: وریا بە لە شێوازی پرسیارەکەت هەوڵ بدە ڕوون بێت ، دواتر پرسیارەکەت لە پەڕاوەکەتدا بنوسەوە.
**بەشداری بکە** : ( دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، یەکەمجار داوا لە هەر یەکێکیان بکە پرسیارەکانیان بخەنە ڕوو ).
**گفتوگۆ بکە** : ( دوای ئەوە ، هەندێ پرسیار هەڵبژێرە وە هەوڵ بدە لە ڕێگەی گفتوگۆکردنەوە بە یەکسانی لەگەڵ کۆمەڵەکەتدا وەڵامی بدەوە ). (ئەمانەی خوارەوەش نموونەن بۆ هەندێ پرسیار ڕەنگە ئەندامانی کۆمەڵەکە بیخەنە ڕوو، وە هەندێ تێبینی بەسودن بۆ بەڕێوەبردنی گفتوگۆکردن سەبارەت بە پرسیارەکان ).

## ڕۆما ١٢: ٣

**<u>پرسیاری</u> ١ : <u>ئایەتی ٣ واتای چیە ؟</u>**

**تێبینیەکان .**

ڕۆما ١٢: ٣ دەڵێت : " بەو نیعمەتەی پێم دراوە بە هەر یەکێك دەڵێم کە لەنێوتاندایە: با لە نرخ بۆ خۆ دانان زێدەڕۆیی نەکات، بەڵکو لە نرخاندن هۆشیار بێت، بەو بڕە باوەڕەی خودا بە هەر یەکێکی بەخشیوە." لێرەدا پۆڵس باسی ئەو جیاوازیانە دەکات لەنێوان باوەڕدارانی کڵێسادا . کە خودا ڕێگەی داوە بە بوونی سێ جیاوازی لەنێوان باوەڕداران . بەپێی ئایەتی ٣ ، خودا بڕو پێوانەیەکی جیاوازی باوەڕی داوە ، وە بەپێی ئایەتی ٤ ، کاری جیاوازی نێو کڵێسا دراوە بە باوەڕداران ، وە بەپێی ئایەتی ٦ ، بەهرەی ڕۆحی جیاوازیان پێدراوە . خواستی خودا ئەوەیە کە ئەم

جیاوازیانە هەبن لەنێوان باوەڕداران دواتر ئەو ئاراستەیە دیاری دەکات کە بۆ پیرۆزی و خزمەت و خۆتەرخانکردنیانە .

أ. زێدەڕۆیی کردن لە نرخ بۆ خۆدانان گوناهەیە .

"... با لە نرخ بۆ خۆ دانان زێدەڕۆیی نەکات. " خودا هۆشداری دەدات بە باوەڕدار لە گوناهەی زێدەڕۆیی کردن لە نرخ بۆخۆ دانان لەکڵێسادا . ڕەنگە لوتبەرزی دەربکەوێت لە کاتی پەیڕەوکردنی بەهرە ڕۆحیەکان لە کڵێسادا لەلایەن خاوەن بەهرەکەوە ، هەروەها ڕەنگە کاروخزمەتێك یان پەیڕەوکردنێکی دیاریکراو دەربکەوێت لەکڵێسادا کە تایبەت نەبێت بەو کەسەو خودا ڕاینەسپاردبێت بۆ ئەو کاروخزمەتە . ئەو باوەڕدارانەی ناڕازین لە بەهرە ڕۆحیەکانیان یان ئەو کارو خزمەتەی پێیان دراوە لەلایەن خوداوە لە کڵێسادا و دەگونجێ لەگەڵ بڕی باوەڕەکەیان کە خودا پێی بەخشیون خۆیان توشی گوناهەو لوتبەرزی یان زێدەڕۆیی کردن دەکەن لە نرخ بۆخۆدانان .

ب. ساکاری درۆ گوناهەیە .

"هەر یەکێکتان ئامۆژگاری دەکەم ... لەبیرکردنەوەیدا هۆشیار بێت." خودا هانی باوەڕداران دەدات بە هۆشمەندی و ژیرانە بیر لەخۆی بکاتەوە. دەبێت ئاگادار بێت واهەست نەکات ئەو بەهرانەی هەیە کە لەڕاستیدا نیەتی ، دەبێت ئەو ڕاستیە ڕەت نەکاتەوە کە خودا چی جۆرە بەهرەیەکی پێ بەخشیوەو کام بەهرەیەشی پێ نەبەخشیوە . چونکە ساکاری درۆ هەروەها گوناهەیە .

ج. بڕی باوەڕ .

وشەی بڕ ئاماژەیە بۆ دەرئەنجامی پێوەر ، کە پێوانەی ڕێژەیەکی دیاریکراو و جۆرایەتی دیاریکراو دەکات ئیدی بەم شێوەیە وشەکە ئاماژە دەکات بۆ بڕی باوەڕ کە پێوانەی دەکات بەڵام کە ئەفەسۆس ٤: ٧ دەخوێنینەوە دەبینین پێداگری دەکات لەسەر جۆری باوەڕ نەك بڕەکەی یان جۆری بەهرە ڕۆحیەکە یان جۆری کارو خزمەت ئەوەی خودا

بڕیاری لەسەر داوە و بەخشیویەتی بە باوەڕدار لە کڵێسادا. نمونە لەمبارەیەوە ئایەتەکانی ٦- ٨ ؛ هەروەها بڕوانە ١کۆرنسۆس ١٢: ١١ ؛ ڕۆما ١٢: ٣ ؛ فیلیپی ٤: ١٣ ؛ ١کۆرنسۆس ١٣: ١- ١٣ ؛ ئەفەسۆس ٤: ٧ .

ڕۆما ١٢: ٤- ٨

پرسیاری ٢: ئەرکی باوەڕدار چیە لە کڵێسادا ؟

تێبینیەکان .

أ. پێناسەی بەهرە ڕۆحیەکان .

بەهرەی ڕۆحی هەز وتوانایەکی تایبەتە خودا دەیبەخشێت بە باوەڕدار یان کارێکی دیاریکراوەو باوەڕدار ڕادەسپێرێ بۆی . بەپێی ١کۆرنسۆس ١٢: ٤- ٧ دەرکەوتنی هێز یان دانایی یانیش نیعمەتی خودایە لەڕێگەی باوەڕدارەوە ئەوەش بە جۆرەها شێوەو جۆری جیاواز لە خزمەتدا دەردەکەوێت .

ب. ئامانج لە بەهرەی ڕۆحی .

ئەرکی سەرشانی هەموو باوەڕدارێکە بە بەهرەی ڕۆحی خزمەتی خودا بکات یان ئەو کارەی خودا ڕایدەسپێرێ بۆی . جەستەی مرۆڤ ئەندامەکانی جیاوازە وە هەر ئەندامێك کارێکی جیاواز دەکات لە جەستەی مرۆڤدا ، بەڵام کارەکان هەموی گرنگن هەرچیەك بن . ئیدی بەم شێوەیە هەموو باوەڕداران پێکەوەن لە جەستەی مەسیح ، وە هەر باوەڕدارێك ئەندامێکە لەو جەستەیەدا وکارێکی پێویست و گرنگ دەکات تیایدا . پۆڵس لە ڕۆما ١٢: ٥ دا دەڵێت : " ئێمەش بە هەمان شێوە، هەرچەندە زۆرین بەڵام ئەندامی یەك لەشین کە لەشی مەسیحە، ئیتر هەمووشمان بەیەکەوە بەندین " بڕوانە ئەفەسۆس ٤: ٢٥ ، ئەمەش واتە دەبێت باوەڕداران خزمەتی یەکتر بکەن بەو بەهرە ڕۆحیەی خودا پێی بەخشیون یان ئەو کارەی خودا دیاری کردوە بۆیان و دەستنیشانی کردوون بۆی ١پەترۆس ٤: ١٠ .

ج. جۆرەها بەهرەی ڕۆحی .

١کۆرنسۆس ١٢: ٢٨ فێرمان دەکات کە سێ گرنگترین بەهرەی ڕۆحی یان کاری ڕۆحیی هەن ئەمانەن : یەکەم ، پێشبینی کردن چونکە هیچ نێردراوێک نیە لە ڕۆما ١٥: ١٥- ٢٩ ، وە بەتایبەتی ئایەتی ٢٠ کە دەفەرموێ :" بۆیە ئامانجی بەرزم بوو کە مزگێنی بدەم، نەك لەو شوێنەی ناوی مەسیحی تێدا هێنرابوو، تاکو لەسەر بناغەی یەکێکی دیکە بنیاد نەنێم" ئاماژە بۆئەوە دەکات کە پۆڵسی نێردراو لەسەر بناغەی نێدراوێکی دیکە بونیادی نەناوە . بەهەرحاڵ ڕۆما ١٢: ٦- ٨ مەبەستی نیە کە ڕیزبەندیەك پێشکەش بکات بۆ بەهرە ڕۆحیەکان یان کارە ڕۆحیەکان . لە ڕۆما ١٢ چوار بەهرەی ڕۆحی یەکەمین تایبەتن بەو بوارەی بەهرە ڕۆحیەکانی تێدا پەیڕەودەکرێت . ئەو بەهرانەش ئەمانەن : پێشبینی کردن(ڕاگەیاندنی پەیامی خودا) ، خزمەت ، فێرکردن و ئامۆژگاری (هاندان) . وە سێ بەهرەی کۆتایی تایبەتن بە حەزی دڵ و ئەو خواستەی دەریدەبڕن لە خزمەتدا . دەبێت بەشداری بکەن لە پێویستیەکانی کەسانی تر و ببەخشین بە دڵفراوانی ، وە دەبێت بە دڵگەرمیەوە ڕابەرایەتی بکەن ، وە بەزەیی وکارەکانی پێشکەش بکات بە دڵخۆشیەوە .

ڕۆما ١٢: ٦

پرسیاری ٣: بەهرەی (ڕاگەیاندنی پەیامی خودا) پێشبینی کردن کامەیە ؟ تێبینیەکان .

وشەی پێشبینی کردن یاخود پێغەمبەرایەتی گوزارشە لە توانایەکی تایبەت یان کارێکی دیاریکراوی خودا ئەویش گەیاندنی پەیامی خوداو ڕاگەیاندنیەتی ، کردار ٢: ١٦- ١٧ ؛ ٢١: ١٠- ١١.

أ. پێشبینی کردن یاخود پێغەمبەرایەتی لە کڵێسای یەکەمیندا .

لە کڵێسای یەکەمیندا پێش تەواوبوونی پەیمانی نوێ پێویستیەکی ڕاستەقینە هەبوو ئەویش پێغەمبەرانی پەیمانی نوێ بوون . پەیمانی نوێ بە نوسراوی لەبەردەستی باوەڕداران نەبوو ئەو کات ، بۆیە خودا

پێغەمبەرانی بەکارهێنا بۆ ڕاگەیاندنی ڕاستیەکەی بۆیان . پێغەمبەران بەشێوەیەکی تایبەت خواستی خودا سەبارەت بە چۆنیەتی ئەوەی دەیەوێ لە باوەڕدارانیان ڕاگەیاند بۆئەوەی بەو شێوەیە بژین لەم ژیانەی ئێستادا کە بە پێی خواستی خودا بێت. هەندێ جار ئەو پێغەمبەرانە ڕوداوەکانی ئایندەی باوەڕدارانیان ڕادەگەیاند ، وە مێژووی مەسیحیەت دەریدەخات کە پێغەمبەرانی پەیمانی نوێ بەردەوام بوون تا تەواوبوونی نوسینەوەی پەیمانی نوێ .

دەبوو پێغەمبەرانی پەیمانی نوێ پێشبینی کردن بەکاربهێنن بەپێی بڕی باوەڕیان ، واتای ئەمەش ئەوەیە ئەوان دەبوو بەهرە ڕۆحیەکانیان پەیڕەوبکەن لەچوارچێوەی سنوری باوەڕیان و بواری کارەکەیان ئەوەی خودا بۆی دیاری کردبوون ، لەلایەک پێغەمبەرانی پەیمانی نوێ دەدوان بەو ڕاستیەی کە خودا دەیویست لەبارەیەوە بدوێن . کردار ٢٠: ٢٠ ، لەلایەکی ترەوە ڕێگە نەدەدرا بە پێغەمبەرانی پەیمانی نوێ ئەو سنورە ببەزێنن لە وشەکانیاندا کە خودا بۆی دیاری کردبوون بدوێن لەبارەیەوە یەرمیا ٢٣: ٢١- ٢٢ .

ب. پێغەمبەرایەتی دوای تەواوبوونی یاسای کتێبی پیرۆز .

دوای تەواوبوونی بەشە یاساییەکانی کتێبی پیرۆز کە پێکهاتوە لە ٦٦ بەش ، ئیدی کەس پێشبینی وپێغەمبەرایەتی نەدەکرد وەکو پێغەمبەرانی پەیمانی کۆن کە دەیانکرد . وە ناکرێ هیچ پێشبینیەکی نوێ زیاد بکرێت بۆ یاسای کتێبی پیرۆز کە ٦٦ بەشە ، بڕوانە ئاشکراکردن ٢٢: ١٨- ١٩. دەبێت باوەڕداران ئەوانەی بەهرەی پێغەمبەرایەتی (پێشبینی کردنیان) هەیە بە وشەی خودا بدوێن وەکو چۆن ڕاگەیەنراوە لە کتێبی پیرۆزدا ، ئەگەرچی پەیوەندی هەبێت بە ئێستا یان ڕابردوو یانیش ئایندەوە ، بەڵام نابێت ئەو سنورە ببەزێنن کە نوسراوەتەوە لە کتێبی پیرۆزدا ، وەك چۆن پۆڵسی نێردراو بە ڕوونی لە ١کۆرنسۆس ٤: ٦ دا فێرکردن لەبارەیەوە پێشکەش دەکات . وە دەکرێ باوەڕدارانی تر پشکنین بکەن بۆ ئەو وتانەی خاوەن بەهرەی پێغەمبەرایەتی پێی دەدوێن ، ئەوەش

بە پشتبەستن بە پێوەری کتێبی پیرۆز وەك چۆن کردار ١٧: ١١ ؛ ١کۆرنسۆس ١٤: ٢٩ بە ڕوونی فێرمان دەکات .

ڕۆما ١٢: ١٠

پرسیاری ٤: چۆن باوەڕداران ڕێز لەیەکتر بگرن ؟

تێبینیەکان .

بەهۆی بوونی بڕی جیاوازی باوەڕ و جۆرەها بەهرەی ڕۆحی جیاواز و جۆرەها کاری جیاواز لە کڵێسادا دەکرێ هەر باوەڕدارێك کارێکی بەسود بکات چونکە هەر باوەڕدارێك بەشداری دەکات تیایدا . ئیدی هەر باوەڕدارێك لەلایەن خۆیەوە چێژ وەردەگرێت لەو تواناو توانستەی خودا پێی بەخشیوە . بەڵام دەبێت ئەوە بزانین هیچ باوەڕدارێك نیە هەموو خاڵەکانی هێزی تێدا کۆبووبێتەوە و هەموو تواناکانی هەبێت . هیچ باوەڕدارێك هەموو لایەنەکانی خزمەت جێبەجێ ناکات ، باوەڕداران پێویستیان بە بەهرەی یەکترەوکاری یەکترە ، دەبێت باوەڕداران ڕێز بگرن لە بەهرەی ڕۆحی و خزمەت وکاری ئەوانی تر هەروەها ئەوانی تر وەکو ئاڵوگۆڕ هەمان ڕێز بنوێننەوە بەتەواوەتی . دەبێت باوەڕداران ڕێزی ئەوانە بگرن کە توانای ڕۆحی بێهاوتای باشتریان هەیە . بەپێی فیلیپی ٢: ٤ دەبێت باوەڕداران ئەوانی تر لە خۆیان بەباشتر بزانن ، ئەمەش واتە باوەڕداران ڕێز لە خاڵە بەهێزەکانی ئەوانی تر بگرن لەو بەشداریکردنانەی پێشکەشی دەکەن لە کڵێسادا . هیچ شتێك نابێت بۆ ڕوخاندن بێت بەڵکو بۆ بونیادنان بێت، نابێت بە سوك یان بێ نرخ بڕوانیتە کارو خزمەتی ئەوانی تر لەوەی دەیکەن لە کڵێسادا ، بەڵکو هانی یەکتر بدرێت و ڕیز لە خاڵی هێزو توانای یەکتر بگیرێت ، ئیدی کڵێسا بونیاددەنرێ و گەشە دەکات.

ڕۆما ١٢: ١٧- ٢١

پرسیاری ٥: کتێبی پیرۆز لەبارەی تۆڵەسەندنەوە چیمان فێر دەکات؟

تێبینیەکان .

أ. نابێت باوەڕداران تۆڵەبکەنەوە یاخود تۆڵە بستێنن .

ئایەتی ١٧: " خراپەی کەس بە خراپە مەدەنەوە. " لەگەڵ ئەوەی حکومەتەکان سزای خراپەکاران دەدەن ڕۆما ١٣: ٤ ، باوەڕداران نابێت هەوڵ بدەن یاسای تۆڵەسەندنەوەو سزا بەدەستەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن لەبەرامبەر خراپەکاراندا ! لەگەڵ ئەوەی باوەڕداران دەناڵێنن بەدەست خراپەو ستەمەوە بەڵام نابێت تۆڵە بستێنن ڕۆما ١٢: ١٩ ؛ ١سالۆنیکی ٥: ١٥ ؛ ١پەترۆس ٣: ٩ ، لەبری ئەوە دەبێت ئاگادار بن چی باشەو پاکە ئەوە بکەن لەبەردەم هەموواندا ٢کۆرنسۆس ٨: ٢١ ، وە دەبێت تەنها لەبەرچاوی خودا کاری باشە نەکەن بەڵکو لەبەرچاوی بێباوەڕانیش هەروەها هەمان کاری چاکەو باشە بکەن ، مەتا ٥: ٢٠- ٤٨ ؛ لۆقا ٦: ٢٧- ٣٧ ؛ ٢کۆرنسۆس ٤: ٢ ؛ ١تیمۆساوس ٣: ٧ .

ب. دەبێت باوەڕداران بە ئاشتی بژین لەگەڵ هەموواندا .

ئایەتی ١٨ دەخوێنینەوە : " بەپێی تواناتان هەوڵ بدەن کە لەگەڵ هەموو خەڵك بە ئاشتی بژین" ژیان بە ئاشتی لەگەڵ ئەوانەی خراپەت لەگەڵ دەکەن واتای سێ شتی لەخۆگرتوە : * باوەڕداری مەسیح شەڕ ناکات لەگەڵ خەڵکی ، * باوەڕداری مەسیح هەوڵ دەدات و تێدەکۆشێت چارەسەری پەیوەندیە شکستخواردوەکان بکات لەگەڵ خەڵکی دیکە * باوەڕداری مەسیح کاردەکات بۆ چاکەی خەڵکی دیکەو تەنانەت ئەوانەش خراپەی بەرامبەر دەکەن .

ئەمەش ئاسان نیە هەمیشە ، هەندێ جار هەڵوێستی نەرێنی بەردەوام لەلای کەسانی تر وا دەکات نەتوانیت بەردەوام بە ئاشتی بژیت لەگەڵیدا .وەهەندێ جار بۆچوونی بەرزت هەیە وەك ئەوەی ناتوانی بەشداری گوناهەی خەڵکی دیکە بکەیت ئەمەش وا دەکات ڕقیان لێت ببێتەوە و ڕەتت بکەنەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت باوەڕداران هەوڵ بدەن بەئاشتی بژین لەگەڵ هەموان .

ج. دەبێت باوەڕداران بابەتی حوکمدان و تاوانبارکردن واز لێبهێنن بۆ خودا .

ئایەتی ١٩ دەخوێنینەوە : " تورەیی لێگەڕین بۆ خودا " مافی حوکمدان بەسەر خەڵکیدا مافێکە تایبەت بە خودا ، وە کەسانێکیش هەن خودا تەرخانی کردوون و دەسەڵاتی داوە پێیان بۆ سزادان، بەپێی کتێبی پیرۆز خودا دەسەڵاتی داناوە بۆ سزای خراپەکاران بەم شێوەیەی خوارەوە :

لەلای حکومەتەکانی وڵات کە کاروباری وڵات بەڕێوەدەبەن دەسەڵاتیان پێدراوە و بەرپرسیارن لە سزادانی خراپەکاران لە وڵاتدا ڕۆما ١٣: ٣- ٤ . بەڵام دەسەڵاتی حکومەت سنوردارەو نابێت سنور ببەزێنێ وەکو چەوسانەوەی باوەڕداران ئەوانەی ملکەچی یاسای وڵاتن کردار ٤: ١٩- ٢٠ ؛ ٥: ٢٩ .

لەلای دایکوباوك هەروەها دەسەڵاتیان پێدراوەو بەرپرسیارن لە تەمێکردن وسزای منداڵە بچوکەکانیان کە هێشتا پێنەگەیشتوون لەسەر هەڵەکانیان پەندەکان ٣: ١١- ١٢ ؛ ١٣: ٢٤ ؛ ١٩ : ١٨ ؛ ٢٢: ١٥ ؛ ٢٣: ١٣- ١٤ ؛ ٢٩: ١٥، ١٧ ؛ عیبرانیەکان ١٢: ٥- ١١ ، بەڵام دەسەڵاتیان سنورداره ، وە نابێت باوکان منداڵەکانیان تورە بکەن ئەفەسۆس ٦: ٤ ؛ کۆلۆسی ٣: ٢١ .

لەلای کڵێسا هەروەها دەسەڵاتیان پێدراوە و بەرپرسن لە پەیڕەوکردنی تەمێکردنی کڵێسایی بەڕاستی بەرامبەر بە ئەندامەکانیان ئەوانەی گوناهە دەکەن وبەردەوام دەبن لە گوناهە ١کۆرنسۆس ٥: ١٢- ١٣ ؛ ٢سالۆنیکی ٣: ٦ ، ١٤- ١٥ ؛ ١تیمۆساوس ٥: ٢٠ ؛ تیتۆس ٣: ١٠ ، وە بەرپرسیارێتی جیاکردنەوەی ناکۆکی وجیاوازی نێوان باوەڕداران ١کۆرنسۆس ٦: ١- ٨ . بەڵام دەبێت ئەو کەسەی ستەمی لێکراوە بە نەرمی مامەڵە بکات لەگەڵ ئەو کەسەی ستەمەکەی کردوە مەتا ٥: ٣٨- ٤١ وە پۆڵسی نێردراو هانی باوەڕداران دەدات کە واز لە تۆڵە سەندنەوە بهێنن و بیخەنە بەردەم پێیەکانی ئەو خودایەی کە بە دادپەروەری حوکم دەدات ١پەترۆس ٢: ٢١- ٢٣ . کاتێ خەڵکی جوێنیان بە عیسای مەسیح دەدا ، جنێوی نەدەدایەوە و هەڕەشەی نەدەکرد "بەڵکو خۆی دەدایە دەست ئەوەی حوکمی دادپەروەرانەیە " ١پەترۆس ٢: ٢٣ ؛ زەبور ٣٧: ٥- ١٣ !

د. دەبێت باوەڕداران زاڵ بن بەسەر خراپەدا بەکاری چاکە.

ئایەتی ٢٠- ٢١ دەخوێنینەوە : " خراپە نەتبەزێنێت، بەڵکو بە چاکە خراپە ببەزێنە " نابێت باوەڕداران وەیان بڕوخێت کاتێ ئەوانی تر خراپەیان بەرامبەر دەکەن بەڵکو دەبێت بەکاری چاکە وەك ئامێڕێک بن بەدەستی خوداوە بۆ کوژاندنەوەی ئاگری دوژمنایەتی وناکۆکی مامەڵە بکەن ، وە وەستانی خراپەکاری و ئەوانەی دەیانچەوسێننەوە خراپەیان بەرامبەر دەکەن ، بەم شێوەیە پشکۆی داگیرساو لەسەر سەری ئەوانە کەڵەکە دەکەن کە خراپەیان بەرامبەر دەکەن .

**<u>هەنگاوی ٤</u>: <u>پەیڕەوی بکە</u>.** **پەپڕەوکردن**

**بیربکەوە :** چی ڕاستیەك لەم بەشەی کتێبدا هاتوە دەشێ باوەڕداران بە شێوەی پراکتیك پەیڕەوی بکەن ؟

**بەشداری بکەو بنوسە:** وەرن پێکەوە بیربکەینەوە و هەندێ پەیڕەوکردن بنوسینەوە تەواو بکەین لە ڕۆما 12: ١- ٢١ .

**بیربکەوە** : ئەو پەیڕەوکردنە پێشنیارکراوە کامەیە کە خودا دەیەوێ بیگۆڕێ بە پەیڕەوکردنی کەسێتی ؟

**بنوسە** : ئەم پەیڕەوکردنە کەسێتیە بنوسە لە پەڕاوەکەتدا. بەشداری بکە بە ئازادی لەو پەیڕەوکردنە کەسێتیەی کە خودا داینناوە لەسەر دڵت.

(لەیادت بێت ئەندامانی هەموو کۆمەڵەیەك ڕاستیە جیاوازەکان پەیڕەودەکەن ، یان لە هەمان ڕاستیدا پەیڕەوکردن ی جیاواز دەردەهێنن . ئەمانەی خوارەوە هەندێ پەیڕەوکردنی پێشنیارکراون ).

## <u>١- نمونە لەسەر پەیڕەوکردنی پێشنیارکراو لە ڕۆما 12: ١- ٢١ .</u>

١٢: 1 : ئەندامانی جەستەت تەرخان بکە بە بەردەوامی وەك ئامێرێکی سروشتی نوێ بۆ خزمەتی خودا.

١٢: ١ : جەستەت دوور بخەوە لە هەر شتێك کە خودا بێزار دەکات و نابێتە مایەی ڕەزامەندی خودا وە جەستەت تەرخان بکە بۆ هەموو ئەو شتانەی خودا لێی ڕازیە .

١٢: ٢ : خۆت دوور بخەوە لە شێوازی ژیان و کێشەو ئاراستەکانی خراپەکاران ، ڕێگە مەدە بە خۆت بەپێی ئەم جیهانە خراپەکارە بژیت ، زمانی خراپە وەلانێ و گۆرانی خراپ مەچڕە و گۆڤاری خراپ و قێزەون مەخوێنەوە و مەڕوانە فیلمی بێ ئابڕوو ، پۆشاکی ڕووت و وروژێنەر مەپۆشە ، تێکەڵ مەبە لە هەر چالاکیەکی گوماناوی و بێ ڕەوشتی و شوێنی خراپەکاران مەکەوە ، دوور بە لە گوناهە .

١٢: ٢ : خۆت تەرخان بکە بۆ گۆڕینی ناخت ئەوەی دەتبات بەرەو گۆڕنی دەرەکی .

١٢: ٣ : بەکارهێنانی بەهرەی ڕۆحیت ڕەت مەکەوە کە خودا پێی بەخشیویت ، زێدەڕۆیی مەکە لەو بڕەی لە ناختدایە و خۆت بە زلتر دامەنێ .

١٢: ٣ : بەکارهێنانی بەهرەی ڕۆحیت ڕەت مەکەوە کە خودا پێی بەخشیویت و واز لە ساکاری درۆ بهێنە .

١٢: ٥ : بزانە وبڕیار بدە کە تۆ پێویستت بە ئەوانی دیکە هەیە کاتێ لەسەر پێیەکانی خۆت دەوەستی و گەشە دەکەیت و دەژیت وکار دەکەیت بەشێوەیەکی دروست و خزمەتی خودا دەکەیت وەك ئەو دەیەوێ ، واز لە سەربەخۆییت بهێنە لە ناتەندروستە و گەشە بە پشتبەستن بە ئاڵوگۆڕێکی تەندروست بدە لە ناختدا.

١٢: ٦ : ئەگەر بەهرەی پێغەمبەرایەتیت هەیە بەکاری بهێنە لە ڕاگەیاندنی وشەکانی خودا لە کتێبی پیرۆزدا ئەوەی تایبەتە بە ڕابردوو ، ئێستاو داهاتوو .

١٢: ٨ : ئەگەر بەهرەی بەشداریکردنت هەیە لە دابینکردنی پێویستیەکانی خەڵکی دیکە بە دڵفراوانیەوە ببەخشە .

١٢: ٨ : ئەگەر بەهرەی ڕابەرایەتی کردنت هەیە بە تێکۆشان وچالاکانە بەڕێوەی بەرە بەڵام نەك خۆت بکەیتە ڕابەرێکی گشتگیرو دیکتاتۆر مەتا ٢٠: ٢٥- ٢٨ .

١٢: ١٠ : ڕێز بگرە لە باوەڕدارانی دیکە و بەهرە ڕۆحیەکانیان وئەو بڕەو کارانەی خوداوەند ڕاتدەسپێرێ بۆی .

١٢ : ١١ : کارەکانت بە تینوگوڕ و سەرڕاستانە ئەنجام بدەو مەوەستە لە کارکردن .

١٢: ١٢ : دڵخۆش بە چونکە بەڵینی خودا دێتە دی لە ئایندەدا.

١٢: ١٢ : خۆڕاگر بەو بەرگەی ناخۆشی و ناڕەحەتی بگرە چونکە بەمە خۆشەویستیت دەردەکەوێت لەنێو بارودۆخە سەختەکاندا.

١٢: ١٢ : سەرڕاست بە لە نوێژ کردن کاتێ کەسێک داوای نوێژت لێدەکات وە هەر کەسێ داوای لێکردیت پێی ببەخشە و هەر کەسێک لە دەرگای دایت لێی بکەوە.

١٢: ١٣ : ئەوەی لەتواناتدایە بیبەخشە بەو باوەڕدارانەی کە خاوەن پێویستین ، خانەخوێ بە بۆ میوان .

١٢: ١٤ : ئەوانە پیرۆز بکە کە دەتچەوسێننەوە ونوێژ بکە لەپێناوی ئەوانەدا خراپەت بەرامبەر دەکەن لۆقا ٦: ٢٧- ٢٨ .

١٢: ١٥ : گەشە بدە بە هەستت بەرامبەر بە خەڵکانی دیکە .

١٢: ١٦ : ئامادە بە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ سادەکان وئەوانەی پێگەیەکی سادەی کۆمەڵایەتیان هەیە .

١٢: ١٧- ٢١ : خراپە نەتبەزێنێت، بەڵکو بە چاکە خراپە ببەزێنە .

٢ . نمونه لەسەر پەیرەوکردنی کەسێتی :

أ. نامەوێت دوای ئەو شێوە دەرەکیەی جیهانی خراپەکار بکەوم ، نامەوێت جیهانی خراپەکار شێوەم بکێشێت ، بەڵکو دەمەوێت ناخم بگۆڕم و بیرو هۆش و ویژدانم و هەوڵسوکەوتم بگۆڕم ، دەمەوێ هەوڵ بدەم خواستی تەواوەتی خودا بۆ ژیانم بزانم .

ب. نامەوێت پێوانەیەکی زێدەڕۆییم هەبێت بۆ ئەو بڕەی ناخم ، بەڵکو دەمەوێت هۆشمەند بم و تێروانینم بۆ خودی خۆم (کەسایەتیم) ڕەچاو بکەم، دەمەوێت ڕێز بگرم لە خاڵی هێز وتوانای باوەڕدارانی دیکە ، وە ئەو ڕاستیە ببینم کە ئەوان لە من باشترن لە چەندین بواردا .

**هەنگاوی ٥: نوێژ بکە** **هاتنەدەنگ**

بە نۆرە نوێژ دەکەین ، هەریەکێك سەبارەت بە یەك ڕاستی کە خودا فێری کردین لە ڕێگەی ئایەتەکانیەوە لە ڕۆما ١٢: ١- ٢١ .

( بەدەنگەوە هاتنت لە نوێژەکەتدا بۆ ئەو شتەی فێری بوویت لە وانەی ئەم کتێبەدا ). پرۆڤە بکەن لەسەر نوێژی کورت کە پێکهاتبێ لە ڕستەیەك یان دوان . لە یادت بێت ئەندامانی هەر کۆمەڵەیەك دەکرێ نوێژ بکەن سەبارەت بە کاروباری جیاواز تر ).

| | |
|---|---|
| ٥ | **نوێژ** ( ٨ خولەك ) **نوێژی داکۆکیکاری** |

**بەردەوام بن لە نوێژ** لە شێوەی کۆمەڵەی دووانەیی یان سیانی . نوێژەکانتان بەرز بکەنەوە لە پێناوی یەکتر و لە پێناوی خەڵکی جیهان.

| ٦ | **ئەرکی ماڵەوە** ( دوو خولەك ) بۆ **وانەی داهاتوو** |
|---|---|

**ڕابەری کۆمەڵەکە .** ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابیەکانی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح و جاڕی موژدەی شانشینیی .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) ڕۆما 12: ١- 21.
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە ئیشایا ٤٨، ٤٩، ٥٢ ، ٥٣ . باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .
٤- لەبەرکردن : چاککردنەوە لەلایەن خوداوە : ٢هەواڵی ڕۆژان ٧: ١٤ . ڕۆژانە بەو ٥ ئایەتانەدا بچۆرەوە کە لەبەرت کردوون .
٥- فێرکردن : نمونەی " کرێکارانی ناو ڕەز" ئامادە بکە لە مەتا ٢٠: ١- ١٦ دا هاتووە . سود ببینە لە شەش هەنگاوەکانی ڕێنمایی بۆ ڕاڤەکردنی ئەم نمونانەی هاتوون لە وانەی یەکەمدا .
٦- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات ( زەبور ٥: ٣).
٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە هەیە بۆ هەفتەی ئایندە .